تورکیا ڕێگە بە دەمیرتاش دەدات لەگەڵ خێزانەکەی بێت لەکاتی نەشتەرگەریدا

بەپێی دەزگاکانی هەواڵی تورکیا، سەرۆکی دەمیرتاش هاوسەرۆکی پێشووی هەدەپە داوای مۆڵەتی بینینی هاوسەری کردووە کە بیارە نەشتەرگەریی بە بکرێت.

ئەمە دووشەممە، میدیاکانی تورکیا ئاماژەیان بۆشکردووە، دوای داواکەی سەرۆکدین دەمیرتاش هاوسەرۆکی پێشووی هەدەپە لەسەر مۆڵەتی فەرمیی ڕەجەب تەیب ئەردۆغان سەرۆک کۆماری تورکیا، ڕێگە بە دەمیرتاش دراوە، ڕۆژی هەینی دەمیرتاش لە بەندیخانەی ئەدرینەوە بە ئەستەمبوڵ گواستراوەتەوە.

باسیان لێوەشکرد، لە کاتی نەشتەرگەرییەکەیدا دەمیرتاش لەگەڵ باشاک دەمیرتاشی هاوسەری سەرۆکدین دەمیرتاش بووە.

بەگوێرەی میدیاکان، کاتێک دەمیرتاش لە نەخۆشخانە بووە، دەوڵەت باخچەلی، سەرۆکی مەهەپە پێیوەندییەکی تەلەفۆنیی لەگەڵ دەمیرتاش کردووە و هیوای زوو چاکبوونەوەی بە هاوسەری دەمیرتاش خواستووە، جگە لەوە باخچەلی سوپاسی دەمیرتاشی کردووە بەهۆی ئەو هەوڵەی کە لە قەناغی نوێیی

چارەسەریدا پێشکێشی کردووە.